بە بۆنەی بیست و نۆیەمین ساڵیادی دەرچوونی گۆڤاری (ڕامان)ـەوە

# بیرەوەریم لەگەڵ گۆڤاری (ڕامان)دا

**سەردار نوری**
**(کەلار)**

بەو هۆکارەی کە گۆڤاری ڕامان، شاعیران و نووسەرانی هەر چوار پارچەی کوردستانی لەناو خۆیدا کۆکردووەتەوە، بۆیە لە مینبەری گۆڤاری (ڕامان)دا دەبینین؛ کوردستان یەک دەوڵەتی کوردستانی گەورەیە و چوار پارچە نییە.

ئاشنایەتی من لەگەڵ گۆڤاری ڕامان، بۆ ساڵی ٢٠٠٥ دەگەڕێتەوە، کە ئەو کات گەنجێکی تەمەن ٢٠ ساڵان بووم، لە سەرەتاکانی شیعرنووسینمدا گرۆگاڵم دەکرد، لە ڕێگەی ئەم گۆڤارەوە، بەر کۆمەڵێک ناوی گەورە لە شاعیران و نووسەران و لێکۆڵەرانی کورد و بیانی دەکەوتم. بە خوێندنەوەیان، سوودی زۆر باشم لە ئەزموونە جیاوازەکانیان وەردەگرت، بۆیە دەکرێت بڵێم لە ماوەی ئەم ٢٠ ساڵەدا، ڕامان سەرچاوەیەکی گرنگ بووە بۆ مەعریفەی شیعری و ئەدەبی و ڕووناکبیریی من.

ئەو ساڵانەی کە چەند ژمارەیەک لە گۆڤاری ڕامان دەگەیشتنە کتێبفرۆشییەکانی کەلار، بۆ چەند کەسێکی دیاریکراو کە داوایان کردبوو، دادەنران، منیش بووم بە یەکێک لەوانە، زۆربەی جار هەموو بابەتەکانیم دەخوێندەوە. بیرمە لە هەندێکیشیان باش تێنەدەگەیشتم، بە هۆی ئەوەی ئەو بابەتانە فەلسەفی و ڕەخنەیی و بیری قووڵتر بوون و مێشکی منیش هێشتا توانایی وەرگرتن و تێگەیشتنی تەواوی لێیان نەبوو، بەڵام هەر سەرم دەخستە سەریان و بەردەوام دەبووم، پاشان بەپێی سەرچاوەکانی ئەو بابەتانەش، دەرگای زۆر کتێبی تر و نووسەرانی تری بۆم کردەوە و خستە سەر پشت، تا بەدواداچوونیان بۆ بکەم و بچمەوە سەر بەرهەمەکانیان.

لە گۆڤاری (ڕامان)ـەوە زۆر باش ئاشنای شیعری نوێی شاعیران و لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان بووم، بەتایبەتیش سوودی زۆر باشم لە دیداری کەسەکان وەردەگرت، کە چۆنچۆنی وەڵامی پرسیار بدرێتەوە و قووڵ ببێتەوە لە پرسیار و وەڵامدانەوەی گرنگ و سەرنجڕاکێش، بە زانیاری باش و مەعریفەی گەورەوە.

هاوکات، هەر لەو ساڵانەدا، بە هۆی ئەوەی کە خوێندکاری پەیمانگەی هونەرەجوانەکان بووم،

سوودم لە دیدار و ئەزموونی دەوڵەمەندی ئەو هونەرمەندانە وەردەگرت کە لە گۆڤارەکەدا بڵاو دەبوونەوە، ئەوانە سەرچاوەی زۆر باش بوون بۆم. ساڵانێکیش بە خۆمم دەگوت: تۆبڵێی ڕۆژێک بێت شیعر و نووسین و بابەتی منیش، بگاتە ئەو ئاستەی کە لەم گۆڤارەدا بڵاو ببنەوە؟! بە کۆڵنەدان و هەوڵدانی بەردەوامم لە خەمی مەعریفیمدا، پاش ساڵانێک بەو خەونە جوانانەیشم گەیشتم کە بۆ ئەدەب و شیعر و هایکۆ تێکۆشام، ئەو ڕۆژە هات و نەک هەر شیعر و بەرهەمم و نووسینەکانم، بەڵکوو نووسینی نووسەرانی تریش لەسەر کتێب و بەرهەمەکانم، لە (ڕامان)دا بڵاوبوونەوە، لەوانەش زیاتر کە زۆر خۆشحاڵم، ئەوەیە وا منیش ئێستا بیرەوەریی خۆم لەگەڵ (ڕامان)دا دەگێڕمەوە و ئەمەشم دەچێتە ڕیزی بیرەوەرییەکانی گەورە نووسەرانی کوردەوە کە لەگەڵ ئەم گۆڤارەدا هەیانە.

لە بیرمە، بەهاری ساڵی ٢٠١٠ بە هۆی ڕووداوێکەوە ماوەی ١٠ ڕۆژ کەوتمە نەخۆشخانە، نووسەر و وەرگێڕی بەڕێز: «مستەفا سەعید» تەلەفۆنی بۆ کردم و وتی: سەردار گیان دێم بۆ لات، پێویستت بە چییە و چیت بۆ بێنم؟ منیش سوپاسیم کرد کە بە هاتنی ئەرک دەکێشێت.. بەڵام وتم: مادام هەر دێی، ژمارەی نوێی هەر دوو گۆڤاری «ڕامان» و «تاوی فۆتۆ»م بۆ بێنە.

ڕێک نیوەی تەمەنمە لەگەڵ گۆڤارە سەنگین و زەنگینەکەی (ڕامان)دا دەژیم، هێشتا یەکێکە لە سەرچاوە سەرەکییەکانی مەعریفەی ئەدەبی و کولتووری و ڕووناکبیریم، ئێستاش زۆربەی بابەتەکانی دەخوێنمەوە و سوود و کەڵکی باشی لێ وەردەگرم. هەر لە سەرەتاشەوە سەرچاوەیەکی ئاست بەرز بووە بۆ دەوڵەمەندترکردنی فەرهەنگی زمانییم. لەم ٢٠ ساڵەی تەمەنمدا لەگەڵ ڕامان، هەم کە خوێندکار بووم سوودم لێی وەرگرتووە و هەمیش کە ماوەی ١١ ساڵە لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان مامۆستام، چونکە هاوشانی سوودوەرگرتنم لە زۆر لە بابەتە فەلسەفییەکانی، لە ڕووی دنیابینی و هەستی ئیستێتیکیم و بابەتەکانی لەمەڕ ئیستێتیک گەلێ سوودم لێ بینیوە و فرە کەڵکم لێیان وەرگرتووە، بۆ وانەکانیشم (لە ئیستێتیک) کە لە پەیمانگەی هونەرەجوانەکان بە خوێندکارەکانمی دەڵێمەوە.

گۆڤاری ڕامان؛ هەر لە دیزاینی بەرگی هەردوو ڕوو و هەڵبژاردنی ڕەنگ و گونجاندنی لەگەڵ ڕەنگەکاندا، بۆ هەر کەسێکی بیانیش کە یەکەم جار ببینێت، دەرخەری ئەوەیە کە ستافێکی شارەزا و کارزان بەڕێوەی دەبەن.



لای خۆشـمانەوە ئـەوە دەبینیـن کـە لـە ڕووی بایەخـدان بـە لایەنـی هونەرییـەوە تـا دەگاتـە تەکنیکـی دابەشـکردنی بابەتـەکان و بەشـەکان و لاپەڕەکانیـش، هەروەهـا پاراسـتنی هاوسـەنگیی گۆڤارەکـە لـە ڕووی نـاوی نووسـەرەکانەوە کـە لـە شـار و شـارۆچکە و دەڤـەر و ناوچـەی جیـاوازەوە، گشـت ژمارەیـەک بەشـدارن. ئـەم شـێوازەش وای لـە ڕامـان کـردووە کـە ببێتـە لۆکسـێک و شـەوقەکەی هەمـووان بگرێتـەوە، بـەوەش خـۆی لـە مێـژووی بڵاڤـۆک و ڕۆژنامەگەریـی کوردیـدا پرشـنگدار بـکات. بـەم جـۆرە کارکردنەیشـی، ڕامـان؛ لەسـەر لاپەڕەکانـی خـۆی کوردسـتانی گـەورەی دروسـت کـردووە و پێکهێنـاوە.

لـە هەمـووی گرنگتـر بـۆ ئێمـەی خوێنەرانـی ڕامـان ئەوەیـە، کـە لـەم ڕێگەیـەوە بـە شـیعر و ئەدەبیاتـی نووسـەرانی پارچەکانـی تـری کوردسـتان ئاشـنا بووین، زۆر بەتایبەتیش بەشداریی شاعیران و نووسـەرانی ڕۆژهـەڵات کـە هـەم مینبەرێکـی جوان و گـەورە و ئـازاد بـووە بـۆ ئـەوان و هەمیش دەریچەیەکـی ئێجـگار گرنـگ بـووە تـا بەرهەمـی ئـەوان لێیـەوە بگاتـە دەسـتی ئێمـەش، ئەمـە سـەرەڕای ئاگاداریمـان لـە زۆر بەرهەمـی شـاعیران و ئەدیبانمـان کـە لـە تاراوگـە دەژیـن.

بایەخێکی چەند جوان و پێزانینێکی چەند گەورە و گرنگـە! کـە لـە گۆڤـاری (ڕامان)ـەوە دەبینیـن، لـە هـەر ژمارەیەکیـدا وێنـەی کەسایەتییەکی کورد کـە خزمەتـی گـەورەی کردبێـت، لەسـەر بەرگـی پشـتەوەی گۆڤارەکـەدا دادەنرێـت، ئـەوەش چەنـد قەدرزانینێکـی دڵخۆشـکەرە کـە لـە (ڕامان)ـەوە بەرچاومـان دەکەوێـت و دەنۆڕیـن، بـە تابلـۆ و بەرهەمـی هونەرمەندانـی شـێوەکار لـە دیوێـک و وێنـە جوانەکانـی فۆتۆگرافەرەکانیـش لـە دیوەکـەی تـر (لـە دیـوی نـاوەوەی هـەر دوو بـەرگ)، گۆڤارەکـە دەنەخشـێنرێت و دەڕازێنرێتـەوە، ئەمـە هـەم بەرچاوڕووناککردنـەوەی خوێنەرانـە، تـا ئاشـنای کار و بەرهەمـە هونەرییـەکان ببـن، هـەم ڕێزگرتنێکـی تایبـەت و جوانیشـە بـۆ ژینگـەی بینیـن و هەسـتی ئیسـتێتیکی و چێـژی هەمـووان.

ڕامـان شـێواز و سـتایلێکە و لـە مێـژووی بڵاوکـراوەی کوردیدا بۆ خـۆی تایبەتمەندێتـی هەیە. بەردەوامبوونی ڕامـان کـە وا بـۆ ٣٠ سـاڵ دەچێت، مانـای گۆشـکردنی چەنـد نەوەیەکـە لـە خوێندەوارانـی کـورد، لـە دەستگرتنیان بـۆ نـاو کایـەی ئەدەبی و ڕووناکبیـری، لە پێگەیاندنیـان و پێدانـی سـەرچاوەی خۆڕۆشـنبیرکردن و بەخشـینی مەعریفـەی گـەورە پێیـان.

لـەم ساڵانەشـدا کـە ئینتەرنێـت بـۆ هەمووانـە و لـە هەمـوو کات و شـوێنێکدا بەردەسـتە، ئـەوەی جێـی دڵخۆشـی و بایـەخ و پێزانینـە بۆمـان، ئەوەیـە کـە ڕامـان ڕێـزی گـەورە لـە خوێنەرەکانـی دەگـرێ و سـەرلەبەیانی گشـت (٥)ی مانگێـک، ڕامـان لـە ئینتەرنێتـەوە دەکەوێتـە بەردەسـتمان. دەبینیـن هەمـوو ژمارەکیـش کـە دەردەچێـت، لـە ڕووی بابەتەکانییـەوە دەوڵەمەنـدی و بەردەوامـی پێـوە دیـارە. بیرمـە جارێکیـان بەیانیـی ٥ی مانـگ دەکەوتـە ڕۆژی جەژنـەوە، شـەو لای خۆمـەوە وتـم: تۆبڵێـی سـبەی ڕامـان دابەزێـت؟ کاتژمێـر ١٠ی بەیانـی سـەیر دەکـەم ڕامـان بـڵاو بووەتـەوە! ئاخـر ئەمەیـە ڕێـز و خۆشەویسـتی و ڕۆحیەتـی کارکـردن. بێگومـان ئەمـەش بە جدییەت و تۆکمەیی سـتافێکی ماندوونەناسـی وەهـا دێتـە بەرهـەم و بەردەسـت، کـە کاک ئـازاد عەبدولواحیـدی هێـژا پێشـڕەویانە، پاشـان کاک (سـەرکەوت وەلـی)ی شـیرین پەیـڤ و گشـت ئەوانـی تریـش بـە دوایانـدا، کـە لـەم پێنـاوەدا کار دەکـەن و دڵسـۆزانە بەردەوامـن.